# فەرهاد پیربالْ
# شوتی لە شیعر خۆشترە

سەردار عەزیز

پێش ئەوەی بیبینم بە داخەکەی پشت دەستی و ڕۆژانی غوربەتی و شیعرە ڕچە شکێنەکانی ئاشنابووم. هاوینی پێشوو بۆ یەکەمجار لە باخە هەتیوەکەی یەکێتی نوسەرانی هەولێر بینیم. ئیوارەیە گەرم بوو، من یەکەمجارم بوو، هەولێر ببینم. لە گەڵ ستارو نەبەز گۆرانا لە کۆرێکی شیعریدا گوێمان لە ئەحمەدی مەلا ئەگرت. کورەکەی مەلا تورەبوو، لە هەولێر هەرچیەکی بەرچاوکەوتبوو، هەرچیەکی بیستبوو، ئەو ئێوارەیە بەئێمەی داماوی ئەفرۆشت. من لە ریزی پشتەوە دانیشتبووم کە لە ئامادەبوانم ئەروانی حەزم نەئەکرد ببمە شاعیر. تەنیا خەمان بەلەشولارە چناری و چاوە گەرمەکانیەوە شایانی سەیرکردنبوو.

پاش کۆرەکە لە گەڵ فەرهادا قسەم کرد. هەواڵی ئەوەم لێپرسی؛ زانکۆ چۆنە؟ لێرە ماموستابوون یانی چی؟ پێی ووتم رەنگە ئەو باشە نەبێت، بەڵام بێگومان لە جاران باشترە و بەرەو باشتریش ئەچێت. لێم پرسی یانی ئەگەر زانکۆم تەواوکرد بیرلەوە بکەمەوە بگەرێمەوە. لە وەڵاما پێی ووتم؛ ئەرکی هەمووومانە کە ئێرە باشترکەین، بەرەو باشتری بەرین. لێی پرسیم چی ئەخوێنی ووتم بەرێوبەری حکومەت، زەردەخەنەیە کەوتە سەر لێوە بە سمێل داپۆشراوەکانی. تێگەشتم کە ئەیوست بڵێ حکومەتی زۆرمان هەیە بەڵام تا چەندێک لە حکومەت ئەچن شتێ ترە.

ناچارکردنی فەرهاد بە وازهێنان سەرکەوتنە بۆ هێزێک کە نایەوێ هیچ باشتربێت، هیچ بگۆردرێت. بۆیە ئەرکی هەمووومانە فەرهاد بکەینە درایفۆس. کاتی ئەوە هاتوە ئەو ماموستایانە برۆن کە ئەیانەنوێ زانکۆ بکەنە سەربازگە: ئەوانەی کە هێشتا بابەتەکانی سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر ئەڵێنەوە. ئیمە وەک نەتەوەیەک لە بەردەم دونیایەکاین کە هیچ لێی شارەزانین. بۆیە بیر لە هەر پانتاییەک ئەکەیتەوە لە عەقلی کوردی، سیاسەتی کوردی، کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە دونیایە لە ئیشکردنەو کەچی زانکۆکانی ئیمەش (ناوی زل و دێی وێران) ساڵی بابەتێکیان تیا نانوسرێ کە شایانی خوێندنەوە بێت. کۆمەڵگای ئێمە ناگۆرێ تا زانکۆ نەتوانێ مرۆڤی بەرهەم بێنێت کە بتوانێ لە گەڵ ئەم سەردەمەدا بگونجێ. بەسە ئیتر بێزابووین لە فەرمانبەری مردوو ماموستای ورێنەکەر. ئێمە لە ساتەوەختێکاین پێویستمان بە شۆرشی دیکارتیانەیە، ساتەوەختێ کە تیا بریاربدەین هەرچیەکمان هەیە جێی گومانە و دەبێ بکرێتە بابەتی بیرکردنەوە. بەڵکو لێرەوە پارادیمێ تر یان دابرانێکی ئیپستمۆلۆژیانە بەرهەم بێنین.